# ئەو چارەسەرەی کە پڕە لەکێشە!

مەهاباد قەرەداغی

زۆر کەس ئەو بۆچوونەیان هەبوو کە هۆکاری سەرەکی لە نەڕووخاندنی ڕژێمی سەددام لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ١٩٩١ دا، واتە لە جەنگی دووەمی کەنداودا نەدۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێک بوو بۆ فەرمانڕەوایی کردنی ئەو وڵاتە. بە هەر حاڵ ئەمریکا بە هەر هۆیەک بێت سیانزە ساڵی تری بەخشی بە تەمەنی خوێناویترین ڕژێمی دنیا و لە ئاکامیشدا ئەو ئەرکەی لەو کات و شوێنەی کە خۆی ویستی بەجێ گەیاند و ڕژێمی سەددام حوسێنی ڕووخاند. لە ٩ی ئەپریلی ئەمساڵ ٢٠٠٣ ەوە لەناو زەلکاوی پاشماوەی بەعس دا بەرپرسانی ئەمریکا غەرقی بیرکردنەوەن بۆ چارەسەرێک کە بە پلەی یەکەم بۆ خۆیان و بە پلەی دووەم بۆ گەلان و چین و توێژەکانی عێراق گونجاو بێت. لە ئاکامدا بیرێکی دۆزەخی بۆ ئەمریکییەکان هات و چارەسەرێکیان دۆزییەوە کە (ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی) لێ کەوتەوە. بەڵام ئاخۆ ئەم چارەسەرە خۆی پڕاوپڕ لە کێشە نییە و، خودی ئەم چارەسەرە بۆمبایەکی کۆککراو نییە لە داهاتوویەکی نزیک دا بتەقێتەوە؟!

گریمان ئەو بۆچوونەی سەرەوە، کە ئەمەریکا ئەڵتەرناتیڤێکی بۆ فەرمانڕەوایی شک نەدەبرد لە جێگەی سەددام، ڕاست بێت، پرسیارێکی جەوهەری سەرهەڵدەدات،

بۆچی لە عێراقدا پرسی فەرمانڕەوایی تووشی ئەم ئاڵۆزیی و کێشەیە دەبێت؟

- ئەگەر لە پێکهاتەی جوگرافی بڕوانین دەبینین لە بناغەوە بە پێکەوەلکانێکی نادروست و نارەوا دوو خاکی نامۆ بە یەکتری عێراقی پێ پێکهێنراوە و نەخشەیەکی زۆرەملێی بە وڵاتێک بەخشیووە کە مەحاڵە بە بێ کێشە خەڵکی تێدا بژی.
- ئەگەر تەماشای پێکهاتەی ئیتنیکی ئەم وڵاتە زۆرەملێیە بکەین، دەبینین لە کۆمەڵێک گەل و نەتەوەی جیا جیا پێکهێنراون کە ناکۆکی لە مێژین نێوانیانی تێکداوە و هەموو چارەسەرێکی تر جگە لە جیاکردنەوەیان و سەربەخۆژیانیان، دەبێتە چارەسەرێکی کاتی و هەوڵێکی بێ ئاکام و بێهوودە.
- ئەگەر سەرنجی پێکهاتەی ئایینی و مەزهەبی ئەم وڵاتە بکەین، دەبینین هەموو ئەو ئایین و مەزهەبانەی کە بە ڕادەی جیاواز لە یەکتری ململانێ و خۆسەپاندن و کێشەیان لە نێواندایە، لە عێراقدا هەن و کێشەکانیش چونکە پەیوەندییان بە باوەڕەوە هەیە وەک کێشەی بناغەیی یان کێشەی هەمیشەیی پێویستە چاویان لێ بکرێت.
- ئەمە جگە لە پێکهاتەی عەقڵی کۆمەڵگەی عێراق کە لە دوو تەوژمی دژ بە یەک پێکهاتوون، تەوژمی تایفەگەرێتی و خێڵخوازی و پارێزگارانی نۆرمەکانی باوکسالاری، لەگەڵ تەوژمی ڕووناکبیران و چەپ و پێشکەوتنخوازان کە خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی عەقڵی خێڵ و تایفە دەکەن.
- ئەمە جگە لە پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگە کە لەم قۆناغە نوێیەی دنیادا و لە سەردەمی گەردوونگەراییدا، کەچی لە عێراقدا هەر لە قۆناغی کۆیلایەتییەوە تا دەرەبەگایەتی و تا سەرمایەداریش لە قاڵبی جیاجیادا پیادەکراو بووە و دەکرێت.
- ئەمە جگە لە پرسی ژن، کە بە هۆکاری جۆراوجۆر، هێشتا پرسێکی دەستلێنەدراوە و ژنی ئەم وڵاتە هێشتا لە پلەی سفری خەباتدان بۆ وەدەستهێنانی سەرەتاییترین ماف.

ئەو هەموو فاکتەرەی کە لە ڕابردوو و لە ئێستادا مایەی بەڵا و کێشەی گەورە بوون بۆ دەوڵەتی عێراق، کە وا پێدەچێ ئەمریکا بیری لە هەموو ئەمانە کردبێتەوە و ئەو پێکهاتە ئاڵۆزانەی جوگرافیا، ئیتنیک، ڕەگەز، توخم، ئایین و مەزهەبەکان لە کۆمەڵگەی عێراقی یەکپارچەدا هەیەتی، بە وردی خوێندبێتیانەوە و ویستبێتیان بۆ ئەو هەموو کێشانە چارەسەرێکی لەم جۆرەی ئێستا، واتە بە ئەنجومەنێکی حوکم کە لە یەکگرتنەوەی هەموو دژەکان پێکهاتبێت، بدۆزنەوە!

بە بڕوای من ئەم چارەسەرە لە باشترین دۆخیدا خراپترین ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە و لەگەڵ هەموو ئەو گوتار و بەڵێنانەشدا لە دژایەتیدایە کە هەم ئەمەریکا و هەم لایەن و هێزە سیاسییەکان بە خەڵکیان دەدا، وەک دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی هاوڵاتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و هتد. چونکە کۆکردنەوەیەکی لەم جۆرەی هاودژەکان پێکەوە بە بێ خۆشکردنی هیچ زەمینەیەکی پێکەوە سازان، نەک هەر مانای دیموکراتی نادات، بەڵکە هەوڵێکە بۆ قایمکردنەوەیەکی زۆرەملێی عێراقێکی یەکپارچە و گەشەپێدانێکی نێگەتیفانەی فاکتەرەکانی کێشەکان، کە تەنها خاپاندنێکی کاتیی کۆمەڵگە و خەواندنێکی کاتیی ململانێکان دەبێت، وەکو دوو جوگرافیای هاودژ (کوردستان و عێراق) ، چەند ئیتنیکێکی جیاواز کە هەریەکەیان مافی سەربەخۆیی خۆیان هەیە و مافێکی ڕەوای گەلان و میللەتانە (کورد، عەرەب، تورکمان، کلدانی و ئاشووری) ، هەروەها پێکەوە لکانی ئایینەکان و مەزهەبەکان کە مێژوو سەلماندوویەتی کە بەیەکتری ناگەن (ئیسلامی شیعە و سوونی، مەسیحی و ئایینە کوردییەکان) . هەروەها چارەسەرکردنی مەسەلەی

www.kurdistannet.org

ژن کە لەو ئەنجومەنەدا کە لە زۆرینەی خێڵ و پیاوانی ئایین پێکهاتووە بە هیچ جۆرێک هەنگاو بۆ پێشەوە نانێت. ئەم ئەنجومەنی حوکمە نوێیەی کە بە نوێنەرایەتی پێنج پیاوی کورد بۆ هەموو گەلی کورد سەرکردەکانی ڕازی کردووە، لە مەسەلەی فیدراڵیش دەمانخەنە گومانێکی ڕاستەقینەوە.

ڕاستی ئەوەیە، عێراقێکی یەکپارچە وەک چۆن لە ڕابردوودا و لە ئێستادا، ئاواهیش لە داهاتوودا خەتەری شەڕ و ئاژاوە و ململانێ دەهێنێتە ئاراوە. بە هەمان شێوەش عێراقێک کە ئەو هەموو هاودژانەی بە بێ هێچ بناغەیەکی قایلکەر تێدا کۆبکرێتەوە جگە لە کۆککردنی بۆمبایەک و ئامادەکردنی بۆ تەقینەوە هیچی تری لێ ناکەوێتەوە. یەکپارچەیی عێراق نە بە ئەنجومەنی حوکم و نە بە عەقڵی دنیاگرەوەی ئەمریکا ناتوانێ ببێتە چارەسەری ئەو هەموو ناتەبایی و هاودژە پێکەوەلکێنراوانە. ئەم چارەسەرەی ئەمریکا داینـاوە و ئەم ئەنجومەنە سەمەرەیەی ئێستا ئەم کێشە سەرەکییانە چارەسەرنەکراوی دەهێڵێتەوە:

١- مەسەلەی ئیتنیکی، عەرەب، کورد، تورکمان و کلد و ئاشووری، بە تایبەتی کێشەی کورد کە چەندان شۆڕشی لە ڕابردوودا بۆ هەڵگیرسێندراوە.

٢- مەسەلەی جوگرافیا، چونکە تاهەتایە کوردستان بەشێک نییە لە عێراق و هیچ کوردێک دەست لەم مافە هەڵناگرێت.

٣- مەسەلەی ئایین و مەزهەب، بە تایبەتی کێشەی سوونی و شیعە، کە ڕەگەکەی لە سەردەمی خەلافەتەکانی ئیسلامەوە داکوتیووە و ئیسلامی سیاسیش و بە تایبەتیش سیاسیەتی عێراق و ئێران زیاتر ئاڵۆز و گرژیان کردووەتەوە.

٤- مەسەلەی عەقڵی خێڵ و کۆمەڵگەی مەدەنی کە دوو ئاراستەی کۆنتراستن.

٥- مەسەلەی ژن، کە مەسەلەی زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگەیە، چوونکە لە عێراقدا ڕێژەی ژن لە پیاو زیاترە، ژنان لە ناو ئەم ئەنجومەنی حوکمەدا بە کەمترین مافی خۆیان ناگەن، چونکە نە خێڵ و نە ئایین چارەسەری بۆ کێشەی ژن پێ نییە و ئاراستەی خێڵ و ئایین لەم ئەنجومەنەدا زۆربەی ئەندامان پێک دەهێنێ. ئەمە جگە لەوەی ژنی کورد لەم ئەنجومەنەدا جێگەیان بۆ دانەنراوە و (ئەم ئەنجومەنە بۆ ژنی کورد هیچ ڕەوایەتییەکی نییە!) .

٦- کێشەی پەروەردە، کە مەحاڵە لە ناو ئاو ئاراستە هاودژانەدا سیسستەمێکی پەروەردەیی جیاواز لەوەی ئێستا بتوانێ گەشە بکات.

٧- کێشەی خێزان، لاوان و منداڵان و زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی تر لە ناو ئەم سیستەمە ئاڵۆزەدا کە حوکمڕانییان دەکات دەکەونە بەردەم ئاستەنگی چارەسەرەوە.

ئەنجوومەنی حوکم، کە لە بیست و دوو پیاو و سێ ژن پێکهاتوون، بە ڕووانینێکی سەرپێیی ڕەنگە وەک چارەسەر ببینرێت، بەڵام مەخابن چارەسەرێکی پڕ لە کێشەیە. **ئەمریکا نەک تەنها چارەسەری بۆ کێشەکان نەدۆزییەوە، بەڵکە بۆ چارەسەرییەکانیش کێشەی دۆزییەوە!!!**

. . .

٢٠٠٣-٧-١٦

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت